گۆڤارا زانستێن مرۆڤایەتی یا زانكۆیا زاخۆ
مجلة العلوم الانسانية لجامعة زاخو
Humanities Journal of University of Zakho (HJUOZ)
hjuoz.uoz.edu.krd
p-ISSN: 2664-4673
e-ISSN: 2664-4681
Vol. 8, No. 3, pp. 337–350, December -2020
journals.uoz.edu.krd

# كەسایەتی قوتابی و كاریگەری لە پڕۆسەی وانەوتنەوە

ڕێژنە سیف الدین حسن*[1] و عبدالواحید موشیر محمود دزەیی[2]

[1]بەشی كوردی،كۆلێژی زمان ، زانكۆی سەلاحەدین ،هەرێمی كوردستان ، عێراق.( rezhna.hasan@su.edu.krd)

[2]بەشی كوردی،كۆلێژی زمان ، زانكۆی سەلاحەدین ،هەرێمی كوردستان ، عێراق.( abdulwahid.mahmood@su.edu.krd)

وەرگرتن: 2020/07 پەسەندكرن: 2020/09 بەلاڤكرن: 2020/09 https://doi.org/10.26436/hjuoz.2020.8.3.625

**پوختە:**

پڕۆسەی وانەوتنەوە پڕۆسەیەكی دوولایەنە لە نێوان دوو جەمسەردا ، جەمسەرێكیان مامۆستا و جەمسەرێكیان قوتابی ، كە هەردوكیان تەواوكەری پڕۆسەكەن . لە پڕۆسەی وانەوتنەوەدا مامۆستا لە چوارچێوەی پۆلدا مامەڵە لەگەڵ كۆمەڵێك قوتابی دەكات كە هەریەكەیان خاوەنی كەسایەتی خۆیانن و بارگاوین بە پەروەردەی خێزانی و كۆمەلآیەتی و ژینگەیی جیاجیا . هەریەكەیان پێویستی بە مامەڵەی تایبەت هەیە. (كەسایەتی قوتابی و كاریگەری لە پڕۆسەی وانەوتنەوە) ناونیشانی توێژینەوەكەیە لە چوارچێوەی زمانەوانی دەروونییە و پشت بە ڕێبازی وەسفی شیكاری بەستراوە ،وەك كەرەسەی توێژینەوەكە دوو پڕۆسەی وانەوتنەوە بە نموونە وەرگیراون و توماركراون . ئامانجی توێژینەوەكە ئەوەیە ،كە وەلآمی چەند پرسیارێك بداتەوە لەوانە : (رۆڵ و گرنگی ئەندازەی دەروونی لە پڕۆسەی وانەوتنەوە چیە؟ لە هەردوو وانەكە ئایا مامۆستا شارەزایی ئەندازەی دەروونی قوتابیەكانە یاخود نا ؟ گونجاوترین ئەندازە و نەگونجاوترین ئەندازە بۆ فێربوون كامانەن ؟) لە كۆتایی توێژینەوەكەش ئەوەمان بۆ دەركەوت، كە زانینی ئەندازەی دەروونی كاریگەری زۆری هەیە لەسەر فێربوون و دەست نیشانكردمی شێواز و ڕێگای گونجاو بۆ فێربوون لە لایەن مامۆستاوە ، لە كۆتایی توێژینەوەكەشدا لیستی سەرچاوەكان و پاشكۆی توێژینەكە خراوەڕوو.

**وشە گرنگەكان:** كەسایەتی ، فێركردن ، ئەندازەی دەروونی ، وانەوتنەوە ، داخراو .

## 1. پێشەكی

كەسایەتی ڕۆڵێكی گرنگی هەیە لەهەموو ئەو پەیوەندییانەی كە تاك بە دەوروبەری دەبەستێتەوە ، بۆ نموونە لە پەیوەندی فێركردن لە نێوان مامۆستاوقوتابی ،هەرچەندە هەردوو لا ئاشنای كەسایەتی و سیما تایبەتییەكانی یەكتر بن ، ئەوا پەیوەندی نێوان پتەوتر و تێگەیشتن خێراتر دەبێت .

### 1.1. ناونیشانی توێژینەوە:

توێژینەوەكە بە ناونیشانی (كەسایەتی قوتابی و كاریگەری لە پڕۆسەی وانەوتنەوەدا )

### 2.1. گرنگی توێژینەوە:

ئەندازەی دەروونی لە پڕۆسەی وانەوتنەوەدا گرنگی زۆری هەیە ، ئەم توێژینەوەیە باس لە گرنگی زانینی ئەندازەی دەروونی قوتابی دەكات لە پڕۆسەی وانەوتنەوەدا .

### 3.1. ئامانجی توێژینەوە:

لەم باسەدا هەوڵدەدرێت چونیەتی دەستنیشانكردنی كەسایەتی قوتابی لە ڕێگەی تاقیكردنەوەی كەسایەتی (MBTI) بخرێتە ڕوو و كاریگەری لەسەر پرۆسەی وانەوتنەوە دەستنیشان بكرێت. لە ڕێگەی وەرگرتنی دوو پرۆسەی وانەوتنەوە وەك نموونەی توێژینەوەكە .

### 4.1. ڕێبازی توێژینەوەكە:

پشت بە ڕێبازی وەسفی شیكاری بەستراوە .

### 5.1. كەرەسەی توێژینەوەكە:

لەم توێژینەوەیەدا دوو پرۆسەی وانەوتنەوە بە نموونە وەرگیراون ، تۆماركراون ، ئەندازەی دەروونی قوتابیەكان لە ڕێگەی فۆرمی تایبەتەوە كە لە پاشكۆی ئەم توێژینەوەیە خراوەتەروو دەستنیشان كراوە ، دواتر ئەم فۆرمانە كۆكراونەتەوە و شیكردنەوەیان بۆ كراوە ، هەوێنی كەسایەتی قوتابی و ئەندازەی دەوونی قوتابیان بە ڕێژەی سەدی دەستنیشان كراوە و كاریگەری زانینی ئەندازەی دەروونی قوتابیان لەسەر پرۆسەی فێركردن خراوەتەڕوو .

---

* فەكولەریَ بەرپرس.

### 6.1. گریمانەی توێژینەوەكە:

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە وەڵامی چەند پرسیارێك بدەینەوە لەوانە :

–ڕۆڵ و گرنگی ئەندازەی دەروونی لە پرۆسەی وانەوتنەوە چیە؟

–لە هەردوو وانەكە ئایا مامۆستا شارەزایی ئەندازەی دەروونی قوتابیەكانە یاخود نا ؟

–گونجاوترین ئەندازە و نەگونجاوترین ئەندازە بۆ فێربوون كامانەن؟

### 7.1. ناوەڕۆكی توێژینەوەكە:

ئەم توێژینەوەیە لە دوو بەش پێكدێت :

**بەشی یەكەم:** بە ناونیشانی كەسایەتی قوتابی و چۆنیەتی دەستنیشانكردنی چەند بابەتێك دەگرێتەوە ( خوێندنەوەی قوتابی ، كەسایەتی و جۆرەكانی لای (مایرز) ،+ چۆنیەتی هەڵس و كەوت لەگەڵ ئەم كەسایەتییانە ، هەوێنی كەسایەتی لە هەردوو وانەدا ، فۆڕمی دەستنیشانكردنی كەسایەتی .

**بەشی دووەم:** بە ناونیشانی (ئەندازەی دەروونی قوتابیان لە پرۆسەی وانەوتنەوە ، ) ئەم بابەتانە دەگرێتەوە (گونجاوترین و نەگونجاوترین ئەندازە بۆ فێربوون ، ئەندازەی دەروونی قوتابی لە هەردوو وانەدا ، كاریگەری زانینی ئەندازەی دەروونی بۆ كۆنترۆڵكردنی پۆل و قوتابی و وەرگرتنی ئاراستەی ئەرێنی و وەرگرتنی وزەی ئەرێنی لە بابەت .

لە كۆتاییشدا چەند ئەنجامێكی بەدەستهاتوو و لیستی سەرچاوەكان و كورتەی توێژینەوەكە بە زمانەكانی عەرەبی و ئینگلیزی و پاشكۆی توێژینەكە خراوەتە ڕوو.

## 2. كەسایەتی قوتابی و چۆنیەتی دەستنیشانكردنی

### 1.2. خوێندنەوەی قوتابی:

كەسایەتی لە ڕوانگەی جیاوازەوە پێناسە كراوە ، دەروونناسەكان چەندین پێناسەیان بۆ كەسایەتی خستۆتەڕوو لەوانە (واتسۆن) پێی وایە (كەسایەتی ئەو چالاكیەی مرۆڤە كە لە ماوەیەكی دیاریكراودا بزانرێت)[1] یان بەوە پێناسە دەكرێت كە ((چەمكێكی دەروونیە و لە ڕێگەی هەستەوەرەوەكانەوە ناتوانرێت ڕاستەوخۆ هەستی پێبكرێت ، بەڵكو دەتوانرێت لە ڕێگەی چالاكیە دەرەكی و ناوەكییەكانی مرۆڤەوە پەی پێببرێت ، كە سیستەمێكی دینامیكی ناوەوەی مرۆڤە و ڕێكخەری ڕەوشت و چالاكییەكانی تاكە و هۆیەكە بۆ خۆسازدان لە تەك ژینگە و بەردەوامبوونی ژیان و بە شێوەیەكی ئاسایی تاك جیادەكاتەوە لە كەسانی تر و سیفات و سیمای تاكایەتی پێ دەبەخشێ))[2]. كۆمەڵێك هۆكار هەن كار لە پێكهاتەی كەسایەتی دەكەن :

چەند هۆكارێك هەن كە كار لە بنیادنانی كەسایەتی دەكەن لەوانە:

1–هۆكارە بایەلۆجیەكان ،كە هۆكاری بۆماوەیی و هۆكاری فیسیۆلۆجی دەگرێتەوە .

2–هۆكاری ژینگەیی: مەبەست لەم هۆكارە ژینگەی ئابوری و كۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری و شارستانی تاك دەگرێتەوە .

3–خێزان: كە ژینگەی یەكەمی تاكە ،كە ڕاستەوخۆ كار لە گەشەی دەروونی دەكات و كاریگەی گەرەی هەیە لەسەر كەسایەتی تاك و ئاراستەكانی ، پەروەردەی تەندروستی خێزان تاكی تەندروست بەرهەم دێنێ.[3] .

هەموو مرۆڤێك جۆرێك لە كەسایەتی جیاوازی هەیە كە لە كەسانی تر جیای دەكاتەوە ، مرۆڤ لە ناو كۆمەڵگاكەیدا كەسایەتی جۆراوجۆر لە چواردەوریدا بوونی هەیە ، كە هەر یەك لەو كەسایەتییانە پێویستی بە مامەڵەی تایبەت هەیە ، پرۆسەی وانەوتنەوەش ،كە پرۆسەیەكی دوو لایەنە لە نێوان مامۆستا و قوتابی ، هەردوو لایەنەكەش خاوەنی كەسایەتی و سیمای تایبەتی خۆیانن ، هەرچەندە هەردوو لایەنەكە شارەزایی كەسایەتی و سیما تایبەتیەكانی یەكتر بن ، ئەوا كرداری گەیاندن باشتر دەگاتە ئەنجام ، چونكە پەیوەندییەكی پتەو لە نێوان كەسایەتی و سیما جیاوازەكانی تاك و كرداری فێركردندا هەیە ، بەجۆرێك هەردووكیان كار لەیەكتر دەكەن ، كەسایەتی قوتابی كاردەكاتە سەر ئاستی فێربوون و كرداری فێربوونیش كاردەكاتە سەر كەسایەتی و بونیادنانی كەسایەتی . بۆیە گرنگترین شت كە پێویستە مامۆستا ئەنجامی بدات ،دەستنیشانكردنی ئەندازەی دەروونی قوتابییەكانە ، بۆ ئەوەی بتوانێت بە پێی جۆری كەسایەتی قوتابییەكان مامەڵە بكات لەكاتی وانەوتنەوەدا ، بۆ ئەمەش وا باشترە لە دەست پێكی خوێندندا فۆڕمی تایبەت بە دەستنیشانكردنی كەسایەتی بەسەر قوتابییەكان دابەش بكات و جۆری كەسایەتییەكەیان دەستنیشان بكات ، چونكە ئەمە وا دەكات دەستنیشانكردنی شێوازی وانەوتنەوە و گەیاندنی بابەت كۆنترۆڵكردنی پۆل ئاسانتر بێت .

### 2.2. كەسایەتی و جۆرەكانی لای (مایرز):

#### 1.2.2. (كراوە – داخراو):

**أ–كەسی داخراو** (Introverted) :

زاراوەی (داخراو) بۆ یەكەمجار لە لایەن (یۆنگ –Yung) لە ساڵی (1919)ز لە وتارێكیدا بە ناوی ( ململانێی ڕۆحی منداڵ)[4] كەسایەتی داخراوی ئەو كەسانەن كە تێكەڵاوی و كارلێكیان لەگەڵ ژینگەی دەرەوە نیە و زیاتر لە جیهانی ناوەوەی خۆیان دەژین ، ((ئەو كەسانەن بە تەنیایی زیاتر دەحەسێنەوە و تێكەڵاوبونیان لەگەڵ خەڵك سنوردارە و لە گۆشەیەك دادەنیشن ئارەزووی ڕووناكیان نیە ))[5] ئەو كاتەی بە تەنهان هەست بە ئاسودەیی دەكەن واتە حەزیان بە تەنهاییە ،( زانایانی دەروونناسی وای بۆ دەچن كە

داخراوی یەكێكە لە كێشە دەروونیەكان ، كە وەك نیشانەیەك لە نیشانەكانی شیزوفینیا و خەمۆكی دادەنێن )[6].

گرنگترین تایبەتیەكانی كەسی داخراو ئەمانەن :

تێكەڵاوی گفتوگۆ دەبن بەڵام دوای بیركردنەوەیەكی قوڵ ، پەلە ناكەن و لەسەرخۆن. ،زیاتر گوێدەگرن وەك لەوەی قسەبكەن ، بە قووڵی بیردەكەنەوە و بە قوڵی سەرەنج دەدەن.،ئاڵۆزن و هاوڕێیان كەمە[7]..حەز لە گەیاندن بە نوسین دەكەن ، دەتوانن لەسە پلانێك بۆ ماوەیەكی درێژكاربكەن .كێشەی ناسینەوەی شێوە و بیرهاتنەوەی ناویان هەیە.لە قسەكردن جەخت لەسەر یەك بابەت دەكەن[8]. و ئەو كەسانە زۆرجار كەسانی شەرمنن حەزناكەن دەربكەون .

**ب- كەسی كراوە** (Extroverted):

ئەم جۆرە لە كەسایەتیە پێچەوانەی جۆری یەكەمە ، كەسانێكن زیاتر ئاسودە دەبن كاتێك تێكەڵاوی دەوروبەر دەبن ، حەز بە تەنیایی ناكەن ، بۆچوونی (یۆنگ) كەسایەتی كراوە گرنگی زۆر دەدات بە ڕووداوەكانی دەرەوە و زۆرترین پەیوەندی بە جیهانی واقیعیەوە هەیە [9] ئەم جۆرە كەسانە خاوەنی چەند تایبەتمەندیەكن لەوانە : ( زیاتر حەز بە تێكەڵاوبوون دەكەن لەگەڵ خەڵك ئەگەر بە تەنیا دانیشن هەست بە خەمۆكی و بێزاری دەكەن ، ڕاستگۆن لەگەڵ خۆیاندا ، هەمیشە دەست بە قسەكردن دەكەن ، زۆرتر قسە دەكەن وەك لەوەی گوێبگرن .لەسەر چەند بابەتێك قسە دەكەن لە هەمان كاتدا ، بە پەرۆشی و چالاكیەوە كارلێك لەگەڵ كەسان تر دەكەن و بە خێرایی تێكەڵاو گفتوگۆ دەبن پێش ئەوەی بیربكەنەوە ، ئارام نین بەردەوام لە بەرز و نزمیدان [10] و (( زیاتر حەز لە گەیاندنی زارەكی دەكەن نەك نوسین ، خەڵكیان خۆشدەوێت ، خەڵكیش ئەوانی خۆشدەوێت .، چێژ لە ئاخاوتنی تەلەفۆنی وەردەگرن ، حەز دەكەن زیاتر فێربن لەكاتی گفتوگۆ[11]

2.2.2. (**هەستی – ئەندێشەیی**):

**أ- هەستی** (Sensor):

ئەم جۆرە كەسانە كەسانێی واقعین و باوەڕیان بە خەیاڵ نیە و زیاتر لەگەڵ ڕاستیدا دەگونجێن . خاوەنی چەند تایبەتمەدیەكن لەوانە : (باوەڕیان بە ڕاستی جەخت لێكراوە و باوەڕیان بە خەیاڵ نیە ، واقیعی و بابەتی و بابەتی و لۆژیكین، لە قسەكردندا ڕوونن و پابەندن بە وشەكانەوە ، بە درێژی شیكردنەوە دەكەن وردن لە وەسفكردندا ، بابەتی و ڕێكخراون تواناى گونجانیان هەیە لەگەڵ واقیع. ، بۆ ئەوكاتە دەژین كە تیایدان[12].

**ب-ئەندێشەیی** (Instinctive):

ئەم جۆرە كەسانە باوەڕ بە ئیلهام و دەرئەنجام و دەركەوتە دەكات بە شێوەیەكی گشتی سەیردەكەن و ناچنە ناو وردەكارییەكان ، واتە كەسانێكن لەگەڵ خەیاڵدا دەژین وواقیعی نین ، خاوەنی چەند سیمایەكن لەوانە: ( وریان و بە ئاگا و بە توانان ، لە ڕێگەی هەڵەكانەوە دەگەنە ڕاستی ، حەز دەكەن شارەزایی زیاتر فێربن ، رقیان لەكات بەفیڕۆدانە لە مەسەلەی ورد ، پێوانە و هێما و لێكچواندن و خوازە و خواستن بەكاردەهێنن ، لەباسێكە وە بۆ باسێكی تر خۆیان دەگوازنەوە و قسە لەسەر زۆر بابەت دەكەن و بەیەكەوەیان دەبەستنەوە[13].

3.2.2. (**ئەقڵی – سۆزداری** ):

**أ–ئەقڵی** (Tinker):

كەسانی عەقڵی ئەو كەسانەن كە پێش بڕیاردان زانیاری كۆدەكەنەوە ، ئامانجەكانیان ئاراستەی بابەتیانەیان هەیە ، ئەنجامەكانجیان ڕاستەقینەن )[14] ئەم جۆرە كەسانە لۆژیكین خاوەنی چەند تایبەتمەندیەكن لەوانە : ( ئەوەی گوێی لێ دەبێت شیدەكاتەوە ، لەڕووی هەستەوە بێلایەنن و عەقڵانی و لۆژیكین ، دادوەرو بە ویژدانن ، ڕەخنەدەگرن كەهەڵەیەك دەبینن ، هاوسەنگ نین و بەهیچ سەرسام نابن ، ڕاستی دەڵێن ئەگەر خۆشیان بخەنە مەترسیەوە ، ڕاستگۆن بەڵام دبلۆماسی نین ، وا سەیری خەڵك دەكەن ، كە دڵیان نیە و ڕاست نین ، تەنها سەیری هەستی كەسێك دەكەن كە زۆر گرنگ بێت یان لۆژیكی بێت، بە پەرۆشن و وزەیەكی زۆریان هەیە بۆ كاركردن[15].

**ب-سۆزداری** (feeler):

ئەو كەسانەن بڕیار دەدات لەسەر بنەمای مەزندەكانی ، ئامانجەكانی بە ئاراستەی كەسین [16] ئەم جۆرە كەسایەتیە خاوەنی چەند تایبەتمەندیەكە لەوانە: ( حەز لە ئاسودەیی خەڵكانی تر دەكەن ، سوپاسیان دەكەن و بۆیان دەچەمێنەوە، دبلۆماسین ، دەتوانن یاری بكەن و كەس هەراسان ناكەن ، نەرمن و مەزندەی هەستی بەرامبەر دەكەن، سۆزدارن و ناسكن و بە هەستن ، خاوەنی ڕەوشتی بەرزن حەز دەكەن خەڵكی سوپاسیان بكەن و باسیان بكەن ، هەستەكانی گرنگن ئەگەر لۆژیكی بێ یان نا ، گونجان و جوانی ئامانجی ئەوە[17].

4.2.2. (**تۆند – نەرم**):

**أ–تۆند** (**دادوەر**–judger):

ئەو كەسانەن كە مامەڵە لەگەڵ جیهانی دەرەوە دەكات لەسەرشێوازی ڕەش یان سپی كاردەكەن ، جەخت لەسەر هێز دەكات و سیستەمی ژیانی لەسەر هێز بنیات دەنێت[18] خاوەنی چەند تایبەتمەندیەكن لەوانە :(حەز بە تێشكاندن دەكات ، هەست بە ئاسودەیی دەكات دوای بڕیاردان ، لای ئەوان سەرەتا كاركردن ئینجا پشوودان ، حەزدەكات درێژەی ڕووداوەكان بزانێت [19].حەز بە وەرگرتنی بابەتی ئامادەكراو دەكەن ، پلان دانەرە و پرسیار دەكات (كێ ، لە كوێ ، چۆن)، لەسەر شتە گرنگەكان دەمێنێتەوە ، بە بێ زانیاری بڕیار دەدات و خێرایە لە بڕیاردان[20] .

**ب–نەرم** (perceiver):

ئەو کەسانەن کە ژیانی خۆیان لەسەر بنەمای سادەیی بنیات دەنێن[21] تگرنگترین سیماکانی ئەو کەسایەتیە ئەمانەن :(هەمیشە هەڵبژاردەی کراوەی هەیە ، حەز لە وەرگرتنی زانیاری دەکات ، بێ سەرەنجن و ئامانجەکانیان دەگۆڕن کە زانیاری نوێ وەردەگرن ، گرنگی بە قۆناغەکانی جێ بە جێ کردن دەدەن نەك تەنها ئەنجامی کۆتایی کارەکانیان ، لەسەرخۆن لە جێ بە جێ کردن و هەرەمەکی و لە خۆوەن[22].

## 3.2. چۆنیەتی هەڵس و کەوت لەگەڵ ئەم کەسایەتییانە:

پرۆسەی فێرکردن پرۆسەیەکی فرە لایەنەیە ، گرنگە مامۆستا لەم پرۆسەیەدا هەموو ئەو لایەنانە لەبەر چاو بگرێت ، بۆ ئەوەی ئامانجەپەروەردەیی و زانستیەکان بگەنە شوێنی مەبەست ، پرۆسەی وانەوتنەوە کە شێوازێکە لە شێوازەکانی فێرکردن مامەڵە کردنی تاکە کەسێکە (مامۆستا) لەگەڵ ژمارەك کەس (قوتابی) ، بێگومان مامۆستا خاوەنی کەسایەتی تایبەتی خۆیەتی و هەر یەك لە قوتابییەکانیش کەسایەتی تایبەتی خۆیان هەیە ، واتە مامەڵە کردنی کەسایەتیەکە لەگەڵ کۆمەڵێك کەسایەتی . زانینی ئەندازەی دەروونی قوتابی گرنگیەکی گەورەی هەیە بۆ ئەوەی پرۆسەی وانەوتنەوە رێچکەی دروستی خۆی بدۆزێتەوە ، تاکو مامۆستا بتوانێت شێوازی گونجاو بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هەر قوتابییەك بدۆزێتەوە و بەپێی سیما کەسایەتییەکان مامەڵەیان لەگەڵدا بکات . هەموو ئەو هەوێنانەی کەسایەتی کە پێشتر خستمانەڕوو پێویستی بە مامەڵەی تایبەت هەیە لەڕووی پەروەردەیی و زانستییەوە .بۆ دیاریکردنی شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵیاندا دەبێ بگەڕێینەوە سەر سیماکانی هەریەك لەم هەوێنانەی کەسایەتی .ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە بیخەینەڕوو شێوازی مامەڵەکردنی مامۆستایە لەگەڵ ئەم جۆرە کەسایەتییانە بۆ نموونە کەسایەتی (داخراو) لە گرنگترین سیماکانی ئەوەیە کە تێکەڵی دەوروبەر نابێت و گوێگرێکی باشە ،کەم قسەدەکات . ئەم شێوازی کەسایەتیە بۆ فێربوون بە بەراورد لەگەڵ کەسی (کراوە) باشترن ، چونکە بە وردی گوێ دەگرن و کەم قسە دەکەن و ئەو شتانەی وەریدەگرن شیکردنەوەی بۆ دەکەن و لەناو پۆلدا هێمنن ،بەڵام لەناو پۆلدا کەم چالاکن، بۆیە دەبێت مامۆستا هەوڵبدات بەشدارییان پێبکات لە رێگەی ئاراستەکردنی پرسیاری داخراو و تا رادێن ، چونکە کەسانی داخراو کەسایەتییەکی شەرمنیان هەیە و باوەریان بە خۆیان نیە ، و دەبێت مامۆستا زانیارییەکان لە رێگەی روونکردنەوە و هێنانەوەی نموونەی زیندوو و لۆژیکی شیبکاتەوە ، زانیاییەکان بە نوسین بخاتەڕوو ، چونکە حەز لە گەیاندن بە نووسین دەکەن ، لەبەرامبەردا کەسایەتی کراوە پێویستە لە ناو پۆلدا کۆنترۆڵ بکرێت و مامۆستا چالاکیەکانی رێك بخات ،چونکە زۆر جار لەسەر چەند بابەتێك قسە دەکەن لەیەك کاتدا و ئارام نین و باشترە زانیارییەکان بە زارەکی بۆ ئەو قوتابیانە بخرێتەڕوو واتە ئاوازەی دەنگی جیاواز ، چونکە زیاتر حەز لە گەیاندنی زارەکی دەکەن ، زۆرجار ئاژاوەگێڕن ، چونکە حەزیان لەخۆدەرخستنە .جۆرێکی تر لە کەسایەتی هەیە ، ئەویش کەسی (هەستی و ئەندێشەیی )ن ، کەسانی هەستی کەسانێکن پێویستیان بەوەیە زانیاریەکان بە واقیعی و نموونەی زیندوو بۆیان بخرێتەڕوو ،چونکە باوەریان بە خەیاڵ نیە ، لەناو ئەم جۆرە کەسایەتییەش هەندێکیان (بینراوی ) پێویستیان بەوەیە کە زیاتر زانیارییەکان بەچاو ببینن و هەیانە (بیستراوی)ن ، کە دەبێت زیاتر مامۆستا ئاوازەی دەنگی جیا جیاو هێز و وەستانی گونجاو بەکاربهێنێت و هەیانە هەستین کە دەبێت مامۆستا لەڕێگەی تاقیکردنەوە زیاتر زانیاریەکان شیبکاتەوە و بە درێژی دەربارەی بابەتەکان بدوێن چونکە حەزیان لە درێژ دادڕیە و زیاتر جەخت لەسەر هەستەکانیان بکرێت ،لەبەرامبەردا کەسی (ئەندێشەیی) پێویستیان بە وەسف کردنە واتە زانیایەکان لە رێگەی وەسفکردنی و خوازە و خواستنەوە بخرێتەڕوو و زیاتر حەز بە ئەندێشە دەکەن.، حەز بە نموونەی نا واقیعی دەکەن . جۆرێکی تر لە هەوێنی کەسایەتی کەسایەتی (ئەقڵی –سۆزداری) کە کە سی عەقڵی کەسانێکن پێویستیان بەوەیە کە زانیارییەکانی لۆجیکی بن کە پێییان دەدرێ و دەبێت مامۆستا ئاگاری ئەم جۆرە کەسایەتیە بێت ، چونکە زۆرجار هەستی قوتابی تر بریندار دەکات . و زیاتر پشت بە راستی و ژمارە دەبەستن ، واتە دەبێت زانیاریەکانیان بە ژمارە و داتا بخرێتە بەردەست ، لە بەرامبەردا کەسی (سۆزدار) کە زیاتر بە سۆزن حەز لە ستایش و دەست خۆشی دەکەن دەبێت مامۆستا دەست خۆشیان لێبکات دوای بەشداریکردنیان یان ئەنجامدانی چالاکی ، هەستی ئەوانی تریان لاگرنگە . تا هانیان بدات بۆ چالاکی و بەشداری کردن . سەبارەت بە کەسی (تۆند –نەرم ) قوتابی (نەرم) گونجاوترن بۆ فێربوون ،چونکە لەسەرخۆترن و گرنگی بە قۆناغەکانی راپەراندن دەدەن نەك ئەنجام بۆیە لە فێربوون لەسەرخۆن وهەست دەکەن کات زۆرە لەبەردەمیان ، پشوو درێژن ، تێبینی هەموو لانەکان دەکەن و خۆ گونجێنەرە . بە پێچەوانەوە کەسی (رەق) نەرم و لەسەرخۆ نین بۆ فێربوون زیاتر حەز لە بابەتی ئامادەکراو دەکەن و پشوو درێژ نین هەست دەکەن کات زۆر کەمە زوو بڕیاردەدەن.

## 4.2. هەوێنی کەسایەتی لە هەردوو وانەکەدا:

لەم توێژینەوەیەدا دوو پرۆسەی وانەوتنەوە بە نموونە وەرگیراون ، لە هەردوو وانەکە لە رێگەی فۆرمی دەستنیشانکردنی کەسایەتی (MBTI) ،ئەندازەی دەروونی قوتابییەکان وەرگیراون . لە وانەی یەکەم ژمارەی قوتابییان (22) قوتابییە هەوێنی کەسایەتی قوتابی کە لە پێشودا باسمان کردن لەم وانەیەدا بەم شێوەیەیە :

خشتەی (1) (هەوێنی کەسایەتی قوتابی وانەی یەکەم )

| هەوێنی کەسایەتی | ژمارەی قوتابی | ڕێژەی | کۆی ژمارەی قوتابیان |
|---|---|---|---|
| کراوە (E) | 3 | ٪13.63 | 22 |
| داخراو (I) | 19 | ٪86.36 | |
| هەستی (S) | 12 | ٪54.54 | 22 |
| بیرتیژی(N) | 10 | ٪45.45 | |
| عەقڵی (T) | 5 | ٪22.72 | 22 |
| سۆزداری (F) | 17 | ٪77.27 | |
| تۆند (J) | 18 | ٪81.81 | 22 |
| نەرم (P) | 4 | ٪18.18 | |

ئەگەر بڕوانینە ئەم خشتەی سەرەوە تێبینی ئەوە دەکەین ،کە لە ڕووی کراوەیی و داخراوییەوە بەشی هەرە زۆری قوتابییەکانی کەسایەتی داخراون ، کە ئەمەش خاڵێکی ئەوێنیە کاری کۆنترۆڵکردنی پۆل ، چونکە ئەم جۆرە کەسایەتیانە لەسەرخۆن لەناو پۆلدا و ئاژاوەگێر نین و گوێگرێکی باشن و کەم قسە دەکەن ، ئەمەش لە پرۆسەی وانەوتنەوەی دەقی یەکەم بە ئاشکرا بەرچاو دەکەوێت ، کە قوتابییەکان زۆر بێدەنگن ، بەڵام لەڕووی چالاکیەوە کەم چالاکن بۆیە بە درێژایی وانەکە مامۆستا لە ڕێگەی پرسیارو وەڵامەوە هەوڵ دەدات بەشداریان پێبکات و زانیاریەکانیان بەم شێوەیە پێ دەگەیەنێت ، حەزیان لە شتی نوسراوە بۆیە مامۆستا پێش شیکردنەوەی بابەتەکە پەراوی بابەتەکەی پێشکەش کردوون لەبەردەستیانە . لەڕووی (هەستی- بیرتیژی ) هەردوو ڕێژەکە تا رادەیەك لێك نزیکن ،هەرچەندە ڕێژەی (هەستی ) (9٪) زیاترە لە (بیرتیژی) ، کەواتە دەبێت مامۆستا گرنگی بە خستنەڕووی زانیاریەکان لە ڕێگەی ئاوازەی دەنگی جیاواز و وێنە و جەخت کردنەوە لەسەر هەستەکانیان بکاتەوە ، بەڵام لە پرۆسەی وانەوتنەوەی دەقی یەکەم هەموو هۆکارەکانی فێرکردن لەبەردەستدا نین ، بۆیە مامۆستا زیاتر بە زارەکی زانیارییەکان دەگەیەنێت و زۆر بەکەمی وێنە بەکاردەهێنێت. وەسف و ڕوونکردنەوەی زۆر بەکاردەهێنێت ئەمەش بۆ ئەو قوتابیانەی کە (بیرتیژ) ن گرنگە .لەڕووی عەقڵی و سۆزدارییەوە بەشی زۆری قوتابییەکان (سۆزدار) ن ڕێژەیەکی کەمیان (عوقڵی)ن ، بۆ ئەم جۆرە قوتابیانە مامۆستا بە درێژایی وانەکە دوای بەشداری کردنیان دەست خۆشییان لێدەکات و زۆر بە نەرم لەسەر خۆیی مامەڵەیان لەگەڵ دەکات . نموونەکانی مامۆستا سەبارەت بە بابەتەکە نموونەی واقیعی و لۆجیکین ، ئەمەش بۆ ئەو قوتابییانە گونجاوە کە (عەقڵی)ن و پشت بە لۆژیك دەبەستن . لەڕووی (تۆند-نەرم) بەشی هەرە زۆری قوتابییەکان (تۆند) ن ،بەشێکی کەمیان (نەرم)ن . حەز دەکەن مامۆستا ززانیارییەکانیان بە ئامادەکراوی پێبدات و پەلە دەکەن .

لە پرۆسەی وانەوتنەوەی وانەی دووەم کۆی گشتی قوتابیان (35) قوتابی بوو ، هەوێنی کەسایەتی قوتابیان بەم شێوەیە بوو :

خشتەی ژمارە (2) هەوێنی کەسایەتی قوتابی وانەی دووەم

| هەوێنی کەسایەتی | ژمارەی قوتابی | ڕێژەی | کۆی ژمارەی قوتابیان |
|---|---|---|---|
| کراوە (E) | 4 | ٪11.42 | 35 |
| داخراو (I) | 31 | ٪88.57 | |
| هەستی (S) | 22 | ٪62.85 | 35 |
| بیرتیژی(N) | 13 | ٪37.14 | |
| عەقڵی (T) | 12 | ٪34.28 | 35 |
| سۆزداری (F) | 23 | ٪ 65.71 | |
| تۆند (J) | 30 | ٪ 85.71 | 35 |
| نەرم (P) | 5 | ٪ 14.28 | |

لە پرۆسەی وانەوتنەوەی دەقی دووەم هەوێنی کەسایەتی قوتابییان بەم شێوەیە :لەڕووی (داخراو- کراوە) یەوە ، بەشی هەرە زۆری قوتابییەکان کەسایەتی داخراون ، واتە گونجاون بۆ فێربوون ، بەڵام کەم چالاکن ، ئەمەش بەڕوونی بەرچاو دەوکەوت کە قوتابییەکان بەشداری وانەکەیان نەدەکرد و دەبوایە مامۆستا زیاتر هەوڵی بدابووایە کە بەشداریان پێبکات ، بەڵام زۆر بەکەمی مامۆستا بەشداریان پێدەکات و زۆر بەکەمی پرسیار دەکات ، هۆکاری ئەمەش ئەوەیە مامۆستا شارەزای ئەندازەی دەروونی قوتابییەکان نازانێت . لە دەستپێکی ساڵی خوێندن ئەندازەی دەروونی قوتابییەکانی لە ڕێگەی فۆرمی تایبەتییەوە دەستنیشان نەکردووە . لەڕووی (هەستی -بیرتیژی) زۆربەی قوتابییەکان (هەستی)ن ، لەبەرئەوەی لە پۆلەکەدا هۆکارەکانی فێرکردن بەردەستن بۆیە مامۆستا لە ڕێگەی داتاشۆوە زانیاریەکان شیدەکاتەوە ، ئەمەش گونجاوە بۆ قوتابییە هەستیەکان و لەڕووی دەنگیشەوە دەنگی مامۆستا گونجاوە و ڕوونە ، ئەمەش بۆ ئەم قوتابییانە گونجاوە کە (هەستی)ین و وەسف و ڕوونکردنەوە و لێکچواندن بەکاردەهێنیت، ئەمەش بۆ ئەو قوتابییانەی (بیرتیژ)ن گونجاوە. لەڕووی (عەقڵی-سۆزداری)یەوە قوتابییە سۆزدارەکان دوو هێندە زیاترن لە قوتابییە (عەقڵی) یەکان و مامۆستا بە ڕێزەوە مامەڵەیان لەگەڵ دەکات ئەمەش بۆ ئەو قوتابیانەی سۆزدارن،هاندەرێکی باشە .لەڕووی (تۆند- نەرم) بەشی زۆری قوتابیابیەکان (تۆند)ن . بۆیە لەناو پۆلدا هەست بە نائارامی قوتابییەکان دەکرێت ،کە پێش بابەت دەکەون و حەز دەکەن بگەنە ئەنجام .

### 5.2. فۆرمی دەستنیشانکردنی کەسایەتی:

دەستنیشانکردنی کەسایەتی لە ڕێگەی چەندین شێواز و پێوانەی جیاجیا ئەنجام دەدرێت ، یەکێك لەو پێوانانەش بریتیە لە (دۆزینەوەی شێوازی کەسایەتی –مایەر بریگ ( Types Myer-Briggs –Indicators) کە کورتکراوەکەی (MBTI) کە لەسەر تیۆری کەسایەتی (کارل گۆستاڤ یۆنگ) دانراوە ،کە شازدە جۆر لە کەسایەتی دەستنیشان دەکات )[21] ئەم پێوانەیە لە بەناوبانگترین پێوانەکانی (شیکردنەوەی کەسایەتیە ) کە (لە ئەنجامی جێ بەجێ کردنی لەسەر ملیۆنان کەس لە جیهاندا دەرکەوتووە کەڕێژەی ڕاستی ئەم پێوانەیە لە (85٪) و ڕێژەی هەڵەی تێپەڕ ناکات(15٪) ، کە ئەمەش بەڵگەیە لەسەر وردی ئەم پێوانەیە)[22]. دەستنیشانکردنی کەسایەتی لەم پێوانەیەدا لە ڕێگەی فۆرمێکەوە دەبێت کە چەند پرسیارێك لە خۆ دەگرێت کە لە چوار بەش پێکدێت هەر بەشێکیش چەند پرسیارێك لە خۆ دەگرێت . هەر بە شێك لە بەشەکان بۆ دیاری کردنی تایبەتمەندییەکی کەسایەتیە ، بۆ نموونە بەشی یەکەم لە حەوت پرسیار پێکدێت بۆ دیاریکردنی سیمای کەسی (کراوە ) کە بە پیتی ئینگلیزی (E) هێما کراوە و کەسی داخراو کە بە (I) هێما کراوە ، بەشی دووەمی لە نۆ پرسیار پێك دێت ،پرسیارەکان بۆ دەستنیشانکردنی سیمای (ئەندێشەیی N) و سیمای (هەستی S) و بەشی سێیەم لە پێنج پرسیار پێك دێت بۆ دەستنیشانکردنی سیمای (عەقڵی T) و (سۆزداری F) و بەشی چوارەم لە حەوت پرسیار پێك دێت ، بۆ دەستنیشانکردنی سیمای (توندJ) و سیمای (نەرم P) . کە بە لێکدانی هەر چوار بەشەکە کەسایەتی جیاجیا دەردەچێت .بەمەش کەسایەتیەکە دەستنیشان دەکرێت . هەر قوتابییەك وێنەیەك لەم فۆرمەی وەرگرتووە و وەڵامی پرسیارەکانی داوەتەوە .لە پاشکۆی ئەم توێژینەوەیە نموونەیەك لە فۆرمی دەستنیشانکردنی کەسایەتی پێوانەی (MBTI) خراوەتەڕوو .

### 3. ئەندازەی دەروونی قوتابیان لە پرۆسەی وانەوتنەوە

### 1.3. گونجاوترین و نەگونجاوترین ئەندازە بۆ فێربوون:

سەبارەت بە گونجاوترین ئەندازە بۆ فێربوون ، دەتوانین هەر شازدە جۆری کەسایەتی بە پێی گونجاوترین ئەندازە تا نەگونجاوترین لەسەر بنەمای بوونی گونجاوترین هەوێنی کەسایەتی پلەبەندیان بۆ بکەین بەم شێوەیەی خوارەوە :

**پلەی یەکەم:** –ISTP(دەست ڕەنگین ) (نەرم – ئەقڵی – هەستی – داخراو)

**پلەی دووەم:** ئەم پلەیە چوار جۆر ئەندازە دەگرێتەوە ،کە سێ هەوێنی گونجاویان تێدایە بۆ فێربوون ئەمانە دەگرێتەوە :

–ISTJ (پشکێنەر ) (توند – ئەقڵی – هەستی – داخراو)

–ISFP(هونەرمەند) (نەرم – سۆزدار – هەستی – داخراو)

–INTP(ئەندازیار) (نەرم – ئەقڵی – ئەندێشەیی– داخراو)

–ESTP (کارا) (نەرم – ئەقڵی – هەستی – کراوە)

**پلەی سێیەم:** ئەم پلەیە شەش ئەندازەی جیاجیا دەگرێتەوە کە لە هەر چوار هەوێنەکەی کەسایەتی دوو لە هەوێنەکانی گونجاون بۆ فێربوون دووانیان نەگونجاون ئەوانیش بریتین لە :

–ESTJ ( سەرپەرشتیار) (توند – ئەقڵی – هەستی – کراوە)

– ESFP(کارڕاپەڕێنەر) (نەرم – سۆزدار – هەستی – کراوە)

–INTJ (زانا) ( توند – ئەقڵی – ئەندێشەیی – داخراو)

–INFP (نموونەیی) (نەرم – سۆزدار – ئەندێشەیی – داخراو)

–ENTP(داهێنەر) (نەرم ، ئەقڵی، ئەندێشەیی، کراوە )

–ISFJ(پەیڕەوکار) (توند ، سۆزدار ، هەستی ، داخراو )

**پلەی چوارەم:** ئەم پلەیە چوار ئەندازە دەگرێتەوە لە ئەندازەی دەروونی کەسەکان کە لە لە چوار هەوێنەکەی کەسایەتی یەك هەوێنی گونجاوە بۆ فێربوون و سێ هەوێنی نەگونجاوە ئەوانیش بریتین لە :

–INFJ (ڕاوێژکار) (توند – سۆزدار – ئەندێشەیی –داخراو)

–ESFJ ( چاودێریکار ) ( توند – سۆزدار – هەستی – کراوە)

–ENTJ(سەرکردە) (توند – ئەقڵی ، ئەندێشەیی – کراوە)

–ENFP(خاوەن ئیلهام ) ( نەرم ، سۆزدار ، بیرتیژ – کراوە)

**پلەی پێنجەم:** ئەم جۆرە لە کەسایەتی هەر چوار لە هەوێنی کەسایەتیەکەی نەگونجاون بۆ فێربوون . نەگونجاوترین ئەندازەیە بۆ فێربوون : ئەویش بریتیە لە :

ENFJ( بەخشێنەر) ( توند ، سۆزدار ، ئەندێشەیی ، کراوە )

کەواتە پلەی یەکەم (ISTP(دەست ڕەنگین ) گونجاوترین ئەندازەیە بۆ فێربوون و پۆلی پێنجەم (ENFJ( بەخشێنەر) ) نەگونجاوترین ئەندازەیە بۆ فێربوون . چونکە هەموو هەوێنەکانی کەسایەتی نەگونجاوە بۆ فێربوون.

### 2.3. ئەندازەی دەروونی قوتابیان لە هەردوو وانەدا:

لە پرۆسەی وانەوتنەوەی دەقی یەکەم (22) قوتابی لە پۆلدا ئامادەبوون ، دوای ئەوەی ئەندازەی دەروونی قوتابییەکان لە ڕێگەی فۆرمی دەستنیشانکردنی کەسایەتی دەستنیشان کرا ، ئەندازەی دەروونی قوتابییەکان بەم جۆرەی خوارەوە بوو :

خشتەی ژمارە (3) ئەندازەی دەروونی قوتابییان لە وانەی یەکەمدا

| | ڕێژەی سەدی ٪ | جۆری کەسایەتی | هەوێنی کەسایەتی |
|---|---|---|---|
| INFP | 4.54٪ | نموونەیی | (نەرم ،سۆزدار ، ئەندێشەیی ،داخراو) |
| ISFJ | 27.27٪ | پەیڕەوکار | (توند،سۆزدار ،هەستی،داخراو) |
| ISTJ | 13.63٪ | پشکێنەر | (توند ،ئەقڵی،هەستی ،داخراو) |
| ENFJ | 4.54٪ | بەخشێنەر | (توند،سۆزدار،ئەندێشەیی،کراوە) |

| | | | |
|---|---|---|---|
| INTJ | 4.54 | زانا | (تۆند ،ئەقڵی،هەستی،داخراو) |
| ENFP | 4.54 | خاوەن ئیلهام | (نەرم،سۆزدار،ئەندێشەیی،کراوە) |
| INFJ | 27.27 | ڕاوێژکار | (تۆند،سۆزدار،ئەندێشەیی،داخراو) |
| ISTP | 4.54 | دەست ڕەنگین | (نەرم،ئەقڵی،هەستی ،داخراو) |
| ISFT | 4.54 | هونەرمەند | (نەرم،سۆزدار،هەستی،داخراو) |
| ESFJ | 4.54 | چاودێریکار | (تۆند،سۆزدار،هەستی ،کراوە) |

لە پرۆسەی وانەوتنەوەی دەقی یەکەم زۆرترین قوتابییەکان جۆری کەسایەتییەکەیان ( ISFJ )واتە (پەروەردەکار) بە ڕێژەی (27.27٪) و (ڕاوێژکار ) بە ڕێژەی (27.27) ، واتە لە پرۆسەی وانەوتنەوەی دەقی یەکەم بەشی هەرە زۆری قوتابییەکان ئەندازەی دەروونییان ناوەندییە بۆ فێربوون . بە پلەی دووەم لە وانەی یەکەم (ISTJ – پشکێنەر) دێ بە ڕێژەی (13.63٪) وئینجا هەریەک لە کەسایەتیەکانی ( INFP – نموونەیی ، ENFJ– بەخشێنەر ، INTJ–زانا ، ENFP– خاوەن ئیلهام ،ISTP – هونەرمەند ، ESFJ–چاودێریکار ) بە پلەی سێیەم دێن بە ڕێژەی (4.54٪ ) . (دەست ڕەنگین،ISFT) کە گونجاوترین ئەندازەیە بۆ فێربوون ڕێژەکەی زۆر کەمە تەنها (4.54٪) ی قوتابییەکانە .کەواتە ئەندازەی دەروونی قوتابییەکان جیاجیان کە (10) جۆر ئەندازەی دەروونی جیاجیا هەن لە کۆی (16) جۆر و تارادەیەک ئەندازەی دەروونی قوتابییان ناوەندی و گونجاوە بۆ فێربوون .

**ئەندازەی دەروونی قوتابییان لە وانەی دووەم:** لە پرۆسەی وانەوتنەوەی وانەی دووەمدا (35) قوتابی بەشداری وانەکە بوون ئەندازەی دەروونی قوتابییەکان بەم شێوەیە بوو :

خشتەی ژمارە (4) ئەندازەی دەروونی قوتابیان لە وانەی دووەمدا

| | ڕێژەی سەدی ٪ | جۆری کەسایەتی | هەوێنی کەسایەتی |
|---|---|---|---|
| **ISFJ** | ٪31.42 | پەروەردەکار | (تۆند،سۆزدار،هەستی ،داخراو) |
| **ISTP** | ٪2.85 | دەست ڕەنگین | (نەرم،ئەقڵی،هەستی ،داخراو) |
| **INFJ** | ٪17.14 | ڕاوێژکار | (تۆند ،سۆزدار،ئەندێشەیی،داخراو) |
| **ISTJ** | ٪17.14 | پشکێنەر | (تۆند،ئەقڵی،هەستی ،داخراو) |
| **ESFJ** | 5.71 | چاودێریکار | (تۆند، سۆزدار،هەستی،کراوە) |
| **INTP** | ٪2.85 | ئەندازیار | (نەرم،ئەقڵی،ئەندێشەیی،داخراو) |
| **INTJ** | 11.42 | زانا | (تۆند،ئەقڵی،ئەندێشەیی،داخراو) |
| **ENFJ** | ٪2.85 | بەخشێنەر | (تۆند،سۆزدار،ئەندێشەیی،کراوە) |
| **INFP** | ٪2.85 | نموونەیی | (نەرم،سۆزدار،ئەندێشەیی،داخراو) |
| **ISFP** | ٪5.71 | هونەرمەند | (نەرم،سۆزدار،هەستی،داخراو) |
| **ESTJ** | ٪2.85 | سەرپەرشتیار | (تۆند،ئەقڵی،هەستی،کراوە) |

لە پرۆسەی وانە وتنەوەی دووەمدا ئەندازەی دەروونی (ISFJ–پەروەردەکار ) بەرزترین ڕێژەی هەیە کە بریتیە لە (31.42٪) ئەم جۆرە لە کەسایەتیە وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا دوو لە هەوێنەکانی گونجاون بۆ فێربوون (داخراو ، هەستی) و دوو لە هەوێنەکانی نەگونجاوترن لە دوو هەوێنەکەی تر کە (تۆند – سۆزدار)ین ، بە پلەی دووەم هەریەك لە (INFJ–ڕاوێژکار ) بە ڕێژەی (17.14٪) کە تەنها یەك هەوێنی گونجاوە بۆ فێربوون لە کۆی چوار هەوێنی کەسایەتی و (ISTJ–پشکێنەر) کە لە کۆی چوار هەوێن سێ هەوێنی گونجاون بۆ فێربوون بە ڕێژەی (17.14٪) . بە پلەی سێیەم لە ژمارەی قوتابیان (INTJ– زانا) دێت بە ڕێژەی (11.42٪) کە دوو لە هەوێنەکانی کەسایەتی (ئەقڵی–داخراوی) گونجاون بۆ فێربوون لەچاو دوو هەوێنەکەی تر (تۆند–ئەندێشەیی) ، هەریەك لە (ESFJ–چاودێرییکار ) (ISFP – هونەرمەند) بە ڕێژەی (5.71) کە تەنها یەك هەوێنی گونجاوە بۆ فێربوون لە کۆی چوار هەوێن .(ISTP – دەست ڕەنگین) کە گونجاوترین ئەندازەی فێربوونە تەنها ڕێژەی (2.85٪) ی قوتابییەکان کە ڕێژەیەکی کەمە، هەریەك (INFP–نموونەیی) و (ESTJ–سەرپەرشتیار) بە ڕێژەی (2.85٪) کە تەنها دوو هەوێنیان گونجاون بۆ فێربوون و (INTP–ئەندازیار ) بە ڕێژەی (2.85٪) کە سێ هەوێنی گونجاوە بۆ فێربوون و (ENFJ–بەخشێنەر) کە نەگونجاوترین ئەندازەی فێربوونە ڕێژەکەی (2.85٪) ی قوتابییەکانە . کەواتە لە کۆی گشتی وانەکە تا ڕادەیەك ئەندازەی دەروونی قوتابییەکان باشە بۆ فێربوون هەرچەندە ئەو قوتابیانەی گونجاوترین ئەندازەی فێربوونیان هەیە ڕێژەیان زۆرکەمە . کەواتە ئەندازەی دەروونی قوتابییەکان جۆراو جۆرن کە بریتیە لە (11) ئەندازەی جیاجیا لە کۆی (16) ئەندازەی دەروونی.ئەمەش ئەرکی مامۆستا قورستر دەکات بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ ئەم کەسایەتییە جیاجیایانە ، چ بۆ گەیاندنی بابەت یان کۆنترۆڵکردنی پۆل و چ ئامانجە پەروەردەیەکان بێت .

### 3.3. کاریگەری زانینی ئەندازەی دەروونی بۆ کۆنترۆڵکردنی پۆل و قوتابی و وەرگرتنی ئاراستەی ئەرێنی و وەرگرتنی وزەی ئەرێنی لە بابەت:

لە پرۆسەی فێرکردندا زانینی ئەندازەی دەروونی قوتابی هەنگاوی یەکەمی دەست پێکردنی پرۆسەکەیە ، چونکە ناسینی قوتابی کار ئاسانی زۆر بۆ مامۆستا دەکات بۆ گەیشتن بە ئامانجی وانەکەی . پێویستە مامۆستا لە دەستپێکی خوێندندا لە ڕێگەی فۆرمی تایبەتەوە کەسایەتی قوتابییەکانی دەستنیشان بکات ، تاکو بە درێژایی ساڵی ئەکادیمی بزانێت چۆن مامەڵە لەگەڵ هەر قوتابییەك لە قوتابییەکانی دەکات . بێگومان هەموو ئەو قوتابیانەی کە لە پۆلدان لە ژینگەی جیاوازی خێزانی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و رۆشنبیرییەوە هاتوون ،کە هەموو ئەمانە کار دەکەنە سەر توانا و کەسایەتی قوتابی ، واتە مامۆستا لە پۆلدا مامەڵە لەگەڵ کەسایەتی جیا جیا دەکات ،

بۆیە ناسینی کەسایەتی قوتابی هەنگاوی یەکەمی پرۆسەی فێرکردنە.

زانینی ئەندازەی دەروونی قوتابی لە چەند ڕوویەکەوە گرنگی خۆی هەیە لەوانە:

-لە کۆنترۆڵکردنی پۆلدا: یەکێك لە ئەرکە گرنگەکانی پرۆسەی وانەوتنەوە چۆنیەتی کۆنترۆڵکردنی پۆلە، بۆ ئەمەش پسۆرانی بواری پەروەردە و فێرکردن چەندین شێوازی جۆربەجۆریان خستۆتەڕوو بۆ چۆنیەتی کۆنترۆڵکردنی پۆل ، زانینی ئەندازەی دەروونی قوتابی یەکێکە لە خاڵە هەرە گرنگەکان بۆ کۆنترۆڵکردنی پۆل ،چونکە زانینی ئەندازەی دەروونی قوتابی وا دەکات مامۆستا و قوتابی توشی بەرکەوتنی نەگونجاو بێن . واتە مامۆستا دەزانێت چۆن مامەڵە لەگەڵ قوتابییەکەی بکات . توشی هەڵچوون و دەنگە دەنگ نەبن لە ناو پۆلدا . و قوتابی هەست بە ئاسودەیی بکات لەناو پۆلدا .لەهەردوو ئەو وانانەی کە تۆمارکراون وەك نموونەی توێژینەوەکە لە وانەی یەکەمدا مامۆستا لەسەرەتای ساڵەوە ئەندازەی دەروونی قوتابییەکانی دەستنیشان کردووە ،

-هەڵبژاردنی شێوازی گونجاو بۆ گەیاندنی زانیاری: لە ڕێگەی زانینی ئەندازەی دەوونی قوتابییەکان ، مامۆستا دەتوانێت شێوازی گونجاو هەڵبژێرێت بۆ گەیاندنی زانیارییەکانی لە بەکارهێنانی شێوازی جیاوازی گەیاندن و هۆکارە جیاجیاکانی فێرکردن بەمەش بابەتەکە ئاراستەی ئەرێنی وەردەگرێت و قوتابیش ئاراستەی ئەرێنی وەردەگرێت .

-وەرگرتنی ئاراستەی ئەرێنی و وزەی ئەرێنی لە بابەت ، ناسینی قوتابی لە لایەن مامۆستاوە وا دەکات ئەو ئامانجانەی کە مامۆستا بۆ بابەتەکەی داناوە بیانپێکێت و ئاراستەی ئەرێنی وەربگرێت و قوتابیش وزەی ئەرێنی لە بابەتەکە وەردەگرێت .

## 4. ئەنجام

1-ئەندازەی دەروونی گرنگی زۆری هەیە لە پرۆسەی وانەوتنەوەدا لە ڕووی گەیاندنی بابەت و کارگێڕی کردن لە پۆل و دەستنیشانکردنی شێوازی گونجاو بۆ گەیاندن ، بۆیە گرنگە دەستپێکی وانەوتنەوە لە سەرتای وەرزی خوێندن بە وەرگرتنی ئەندازەی دەروونی قوتابیان دەستپێبکات .

2-لە وانەی یەکەمدا مامۆستا ئەندازەی دەروونی قوتابیانی لەسەرەتای وەرزی خوێندن دەستنیشانکردووە ، بەڵام لە وانەی دووەمدا مامۆستا ئەندازەی دەروونی قوتابییانی دەستنیشان نەکردووە، بۆیە دەبینین، لە وانەی یەکەم مامۆستا زۆر باشتر کۆنترۆڵی پۆل و شێوازی وانەوتنەوە و شێوازی پرسیارکردن و هێنانەوەی نموونە بۆ شیکردنەوەی بابەتەکە باشترە وەك لە وانەی دووەم.

3- گونجاوترین ئەندازە ئەندازەی (ISTP(دەست ڕەنگین) و نەگونجاوترین ئەندازە (ENFJ( بەخشێنەر) بۆ فێربوون .لە هەردوو وانەکە گونجاوترین ئەندازە بۆ فێربوون ڕێژەی زۆر کەمە ، لە دەقی یەکەم (4.54٪) و لە دەقی دووەم ڕێژەکەی (2.85٪) . زۆربەی ئەندازەکان پلەیەکی ناوەندیان هەیە لە نێوان گونجاوترین و نەگونجاوترین ئەندازە بۆ فێربوون.

## 5. پەراوێزەکان

(1) (دزەیی ، 2015 ، 15)
(2) (قەرەچەتانی ، 2007، 301-302)
https://www.annajah.net/أنماگ-الشخصیە-الٲربعە-وگرق-التعامل-معها--24299article(3)
(4) (نسیبە،2017 : 28)
(5) (دزەیی، 2015: 50)
6https://www.annajah.net/گرق-فعالە-للتعامل-مع-الشخص-الأنگوائی--23454article(6)
(7) (العلاف، 4)
(8) (دزەیی ،2015: 50-51)
(9) (فاید ، 2005، 276)
(10) (العلاف ، 4)
(11) ( دزەیی : 2015، 49)
(12) ( العلاف، ل5)
(13) (دزەیی، 2015: 56 -57)
(14) (شحرور،2009: 70).
(15) (العلاف ، 6)
(16) ).(شحرور ، 2009 : 70)
(17) (العلاف : 6)
(18) (شحرور ، 2009: 71)
(19) ( العلاف : 8)،
(20) (دزەیی ،2015، 61-62)
(21) )(شحرور، 71)
(22) )(الغباری ، أبوشعیرە ، الجبالی ، 2008، 342)

## 6. سەرچاوەکان


دزەیی، عبدالواحید موشیر (2015) ، زمان و کەسایەتی ، ناوەندی ئاوێر ،هەولێر.

قەرەچەتانی ، کەریم شەریف (2007) ، سایکۆژیای گشتی ، چاپی دووەم ، چاپخانەی حاجی هاشم ، چاپی دووەم ، هەولێر.

عباس سبتی ، أنماگ الشخصیە وفن التعامل مع الآخرین ، ڕێکەوتی وەرگرتن (2020/6/1)
/blog-12/2019.blogspot.com/1http://tarba .html22post_

کیف تتعرف علی الشخصیە و تتعامل معها (2020/6/1)
/الشخصیە-المنعزلە/https://www.ts3a.com

عباس سبتی ، أنماگ الشخصیە وفن التعامل مع الآخرین ، ڕێکەوتی وەرگرتن (2020/6/1)
/blog-12/2019.blogspot.com/1http://tarba .html22post_

نسيبه ، مشرى (2017) ، سمات الشخصيه (الانبساگ و الانگواو) و علاقتها بالتفاؤل غير الواقيعى لدى مرچى القولون العصبى ، رساله ماستر ، جامعه محمد بوچياف المسيله ، جزائر. (pdf)

https://www.google.com/url?sa=t&rct=j&q=&esrc=s&sahUKE2&ved=8ource=web&cd=&cad=rja&uact=CGwQFjAAegQIAx3_epyYnqAhXLPsAKHeW21wiFdspace.univ-2٪F2٪A3٪AB&url=http1234567F2٪Fhandle2٪Fxmlui2٪8080A3٪msila.dzRt7HeZIJHR7Nmbkm1&usg=AOvVaw1162F2٪898dtNn

كيف تتعرف على الشخصيه و تتعامل معها (2020/6/1)

https://www.annajah.net/6-گرق-فعاله-للتعامل-مع-الشخص-الانگوائى--234545article-

https://www.annajah.net/أنماگ-الشخصيه-الآربعه-وگرق-التعامل-معها--242997article-

عبدالله بن احمد العلاف ، تعرف على الشخصيتك و الشخصيات من تحب من خلال أسرار النفس البشريه (pdf)

7517https://www.tolaitila.com/thankspage/

ايمان احمد عزمى ، اختبار mbti لتحديد الشخصيه / pdf

http://jwm.life/uploads/mbti/mbti-test-eman-.pdf1azmi

شحرور ، ليلى (2009) ، فن التواصل و الاقناع ، الگبعه الاولى ، الدر العربيه للعلەم و ناشرون ، لبنان . pdf

https://www.kutub-HyZ.html72pdf.net/downloading/B

فايد ، حسين (2005) ، علم النفس العام ، مؤسسه حورس الدوليه للنشر و التوزيع ، الاسكندريه .

**پاشکۆ**

فۆرمی دەستنیشانکردنی کەسایەتی تاقیکردنەوەی MBTI )

| بەشی یەکەم | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 1 | E | پێم باشە لەگەڵ کەسانی تر یاخود لەگەڵ کۆمەڵێك قوتابی بخوێنم. | I | پێم باشە بە تەنها بخوێنم. |
| 2 | E | کاتێك لەگەڵ کەسانی تر دەخوێنم سود وەردەگرم لە ڕێگەی بەشداری کردن و دەربڕینی بۆچوونەکانم لەناو کۆمەڵەکەدا. | I | کاتێك لەگەڵ کەسانی تر دەخوێنم سوود لە ڕاوبۆچوونی ئەوان وەردەگرم. |
| 3 | E | کاتێك لەگەڵ کەسانی تر دەخوێنم ، بەخێرایی بۆچوونەکانم دەردەبڕم و ڕاستەوخۆ بیری لێدەکەمەوە هەتا ئەگەر لە ڕاستی بۆچوونەکەم دڵنیاش نەبم. | I | کاتێك لەگەڵ کەسانی تر دەخوێنم بۆچوونەکانم دەرنابڕم تاکو باش بیری لێنەکەمەوە. |
| 4 | E | کاتێك دەست دەکەم بەکارکردن و لەسەر پرۆژەکە دەست بەکاردەبم دواتر بیر لە ئەنجامەکەی دەکەمەوە. | I | کاتێك دەست دەکەم بەکارکردن لەسەر هەر پرۆژەیەك بیری لێدەکەمەوە و بەباشی شیدەکەمەوە پێش ئەوەی دەست بەکاربم. |
| 5 | E | کاتێك کاردەکەم یاخود بەتەنها دەخوێنم، پێویستیم بە هەندێ کات هەیە بۆ پشودان و بێزارنابم ئەگەر لەکاتی خوێند کەسێك بمپچڕێنێ . | I | کاتێك بە تەنها دەخوێنم ،دەتوانم بۆ ماوەیەکی درێژ لەسەریەك بخوێنم ، بێ ئەوەی پشوو بدەم ،زۆر بێزار دەبم ئەگەر کەسێك بمپچڕێنێ. |
| 6 | E | ئایا پێت باشە ئەوەی دەیزانی بیسەلمێنی و بیخەیتەڕوو؟ (هەوڵدان بۆ ڕازیکردن). | I | ئایا پێت باشە ئەوەی کە دەیزانی ڕوونی بکەیەوە و باسی بکەی؟ (تەنها بۆ سەیرکردن) |
| 7 | E | حەزدەکەم بزانم خەڵك دەیانەوەی بگەم بەچی. | I | حەزدەکەم خۆم ئامانجی تایبەت بەخۆم من بۆ خۆم بەدیبنێم. |

| بەشی دووەم: | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 1 | S | لە ڕۆتین و وردەکارییەکانی ژیانم و خوێندنەکەم بێزار نابم. | N | لە ئەنجام و بابەتەکان و ڕاستیە ئاڵۆزەکان ژیانم یان خوێندنەکەم بێزار نابم. |
| 2 | S | زۆر بێزار دەبم کاتێك ڕووبەڕووی ئەو ڕاستیانە دەبمەوە کە لەو یاسایانە دەردەچن کە لێیان ڕاهاتووم و فێریان بووم. | N | لەو ڕاستیانە بێزارنابم کە لە یاساکان لادەدەن ،بەڵکو پێم باشە لێی بکۆڵمەوە تاکو فێری بم. |
| 3 | S | بێزاردەبم کاتێك بەشێك لە وانەکان یاخود کارکردنم ڕێگا بۆ بیرکرنەوەی خۆم دەهێڵنەوە. | N | زۆر بێزاردەبم کاتێك وانەکان بە هەموو وردەکاری و چۆنیەتی کارکردن فێردەکرێم. |
| 4 | S | پێم باشە کە بەهرەی کەم فێربم تاکو بە باشی ئەنجامی بدەم. | N | پێم باشە زۆر شت فێربم و ئەوانەی کە پێویستم پێیانە ئەنجامی بدەم. |
| 5 | S | باشتر فێر دەبم کاتێك شتێك تاقی دەکەوە بۆئەوەی ببینم چ ڕوودەدات. | N | باشتر فێردەبم کاتێك بیر لە ئەگەرەکان دەکەمەوە و هەوڵ دەدەم و گریمانەی ئەوەی بۆ دادەنێم چی ڕوودەدات . |
| 6 | S | پێم باشە کە شتی بەسود و بنیاتنراو لەسەر بنەما و تیۆری بۆ دانراو فێربم. | N | پێم باشە شتی نوێ فێربم و پێویست دەکات بیری لێبکەمەوە. |
| 7 | S | پێش ئەوەی وەڵامی پرسیارێك بدەمەوە یان بریارێك بدەم بە زۆری بە خۆمدا دەچمەوە و بیری لێدەکەمەوە کە باشە یان خراپ. | N | بە زۆری بروام بە بریار و وەڵامی پرسیارەکانم هەیە پێویستم بە پێداچوونەوە نیە . |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 8 | S | هەموو کات جەخت لەسەر بیرکردنەوە بکەمەوە. | N | هەمیشە جەخت لەسەر بینین دەکەمەوە. |
| 9 | S | هەست بە ئارامی دەکەم کاتێك بەڕێوەبەرەکەم پابەند دەبێت بە خشتەی کارکردنی بە وردی و گۆرانکاری تێدا ناکات. | N | هەست بە نائارامی دەکەم کاتێك کە بەڕێوەبەرەکەم بۆ ماوەیەکی زۆر پابەند دەبێت بە خشتەی کارکردن بە شێوەیەکی ڕێك و پێك. |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| بەشی سێیەم: | | | | |
| 1 | T | کاتێك داوام لێدەکرێت کە وانەیەك بخوێنم یان کارێك ئەنجام بدەم پێم باشە هۆکارێکی مەنتیقی هەبێت. | F | پێم باشە بزانم ئەوەی کە دەیخوێنم سودی بۆ مرۆڤایەتی و کۆمەڵگای دەوروبەرم دەبێت یان نا. |
| 2 | T | باشترە مامۆستا لە بە ڕێك و پێکی باسی شتەکان بکات وەك لەوەی بە ڕێز و بە ڕەوشت بێت. | F | باشترە مامۆستا بە ڕێز و بە ڕەوشت بێت وەك لەوەی بە ڕێك و پێکی باسی شتەکان بکات . |
| 3 | T | پێم باشە لە کاتی پرۆسەی خوێندن یاخود لە کارکردن گفتوگۆی تێرو تەسەلی تێدا بێت بۆ باشترکردنی تێگەیشتنی بابەتەکان. | F | پێم باشە لە پرۆسەی خوێندن یان کارکردن ڕێکەوتن هەبێ لەسەر شتەکانی نێوانیان. |
| 4 | T | پێم باشە سەرەتا ئەو شتانە فێربم کە پێویستمە. | F | پێم باشە سەرەتا ئەو شتانە فێربم ،کە حەزی پێدەکەم و سەرسامم پێی. |
| 5 | T | پێم باشە هەڵەی هاوڕێکەم بە ڕاشکاوی چاك بکەمەوە هەتا ئەگەر ببێتە هۆی بریندارکردنی. | F | پێم باشە هەوڵ بدەم لە کاتی ڕاستکردنەوە ی هەڵەی هاوڕێکەم لە بارودۆخەکە تێبگەم و ئەو هۆکارانە بزانم کە بۆتە هۆکاری دروست بوونی هەڵەکەی. |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| بەشی چوارەم: | | | | |
| 1 | J | پێم باشە بە شێوازێکی ڕێك و پێك و ڕێکخراو بخوێنم. | P | پێم باشە بە شێوازێکی لەسەرخۆ بخوێنم . |
| 2 | J | پابەند دەبم بە خشتەی خوێندنم هەتا ئەگەر ئەو بابەتانەی دەیخوێنم بێزارکەریش بن. | P | بە زۆری خوێندنەکەم یا کارەکانم ئەوانەی کە بێزارکەرن و حەزیان پێناکەم دوا دەخەم. |
| 3 | J | حەزدەکەم لە قوتابییەکانی تر باشتر بم و نمرەی بەرز بەدەست بێنم. | P | هەوڵدەدەم ئەو نمرەیە بەدەستی دەهێنم تەنها پێی دەربچم. |
| 4 | J | پێم باشە ئەرکەکانم جێ بەجێ بکەم بۆ ئەوەی کات بەشم بکات. | P | پێم باشە لە جێ بەجێ کردنی ئەرکەکانم لەسەرخۆ بم و لەگەڵ کات هەڵس و کەوت بکەم چۆن هاتە پێش. |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 5 | J | پێم باشە ڕاستەوخۆ وەڵامی پرسیارەکان بدەمەوە کە زانیاریم دەربارەی هەیە و دەیزانم . | P | پێم باشە بەدوای زانیاری بگەڕێم لەسەر بابەتەکان پێش ئەوەی وەڵامی هەر پرسیارێك بدەمەوە. |
| 6 | J | پێم باشە ئەو کارەی کە لە ژێر دەستمدایە تەواوی بکەم پێش ئەوەی دەست بە کارێکی نوێ بکەم . | P | پێم باشە چەند کارێك بە یەکەوە ئەنجام بدەم لە یەك کاتدا. |
| 7 | J | پێم باشە ئەو شتەی کاری لەسەر دەکەم ڕوون بێت و بە تەواوی زانراو بێت. | P | پێم باشە ئەو شتەی کاری لەسەر دەکەم داواکارییەکانی دیاریکراو نەبن . |

وەڵامی پرسیارەکان:

| بەشی یەکەم | | | بەشی دووەم | | | بەشی سێیەم | | | بەشی چوارەم | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ژمارەی پرسیار | پیت | پیتی باو | ژمارەی پرسیار | پیت | پیتی باو | ژمارەی پرسیار | پیت | پیتی باو | ژمارەی پرسیار | پیت | پیتی باو |
| 1 | | | 1 | | | 1 | | | 1 | | |
| 2 | | | 2 | | | 2 | | | 2 | | |
| 3 | | | 3 | | | 3 | | | 3 | | |
| 4 | | | 4 | | | 4 | | | 4 | | |
| 5 | | | 5 | | | 5 | | | 5 | | |
| 6 | | | 6 | | | | | | | | |
| 7 | | | 7 | | | | | | | | |
| | | | 8 | | | | | | | | |
| | | | 9 | | | | | | | | |

– وشەی کردنەوەی کەسایەتی بریتیە لە :

**ڕێبەری کردنەوەی تاقیکردنەوەی MBTI لە جۆرەکانی کەسایەتی:**

ئەندازەی دەروونی تاکەکان جیاوازن لە یەکتر ، هۆکاری ئەم جیاوازیەش پرۆگرامکردنی تاکە لە ڕێگەی خێزان و قوتابخانە و کۆلآن و مزگەوت و...هتد ، کەسایەتیەکانیش بەگشتی شازدە جۆرن ئەمانەن :

1- ISTJ ( **پشکێنەر**)

دڵسۆز و لەسەرخۆن ، زۆر بەلایانەوە گرنگە کە لە کەشێکی ئارام و ئاشتیانە لەگەڵ دەوروبەرەکەیان بژین توانایەکی زۆریان هەیە لە جەخت کردنەوە لەسەر ئەو کارەی کە ئەنجامی دەدات ،بەوە دەناسرێنەوە کە بەشێوەیەکی باش کاردەکەن بۆ ئەو ئامانجەکانیان ، ئەوەی بییانەوێ دەتوانن بەدەستی بهێنن ئەگەر بەراستی بیانەوێ.

2- ISTP (**دەست ڕەنگین**)

لەسەرخۆ و پارێزەرن ،گرنگی دەدات بەوەی چۆن و بۆچی شتەکان کاردەکەن. زۆر بەباشی هەڵس و کەوت لەگەڵ ئامێرەکان و ئەو کەل و پەلانە دەکەن کە پێویستیان بە شارەزایی دەستی هەیە. (بۆ ئێستا دەژین) ،بریارو هەنگاوی بوێرانە لە ژیانیان دەنێن ، کە بە جۆرێك بیر لە دوارۆژ ناکەنەوە. حەزلەو شتانە کە حەزی پێدەکات ئاڵۆز (معقد) نین. زۆر دڵسۆزن بۆ هاورێکانیان. حەز بە پابەندبوون ناکەن .

3- ISFJ (**پەروەردەکار**)

لەسەرخۆن و خاوەن دڵێکی باشن ، زۆر بە ویژدان و هەستیارترن لە خەڵکانی تر ، جێگر و کردارین ، هەست بە ئێش و ئازاری کەسانی تر دەکەن و دەبینن ، زۆر بایەخ دەدەن بە تێروانینی کەسانی تر و بایەخ دەدەن بە هەستی کەسانی تر بەرامبەر بە خۆیان .

4- ISFP (**هونەرمەند**)

لەسەرخۆن ، جدیین ، هەستیارن ، دڵیان باشە حەز بە جیاوازی و ململانێ ناکەن. دڵسۆزن و باوەریان بە کەسانی تر هەیە ، هەستەکانیان پەرەسەندوون جوانی و هونەر لەبەرچاو دەگرن و حەزی پێدەکەن. گرنگی نادات بە سەرکردایەتی کردنی خەڵك و کۆنترۆڵ کردنی خەڵك . نەرم و نیان و بیرو خەیاڵیان کراوەیە ، زۆربەی جار داهێنەرن و بۆ ئێستا دەژین و خۆشی لەو کاتە دەبینن کە تیایدان .

5- INFJ (**ڕاوێژکار** )

بەهێزن بەلآم لەسەرخۆن ، هەستیان بەهێزە و ئەو شتانەی کە هەستی پێدەکەن خوێندنەوەی بۆ دەکەن ، زۆر گرنگی بە هەستەکانیان دەدەن ، سیستەمێکی چەسپاویان هەیە کە باوەریان پێ ی هەیە ، زۆر پابەندن بە و کارەی کە پێویستە ئەنجامیان بدەن، زۆربەی جار سەربەخۆن لەوەی کە سەرکردە بن یاخود سەر بەکەسانی تر بن.

6- INFP ( **نموونەیی**)

لەسەرخۆن بیرمەندن ، نموونەیین ، بایەخ دەدەن بە خزمەتی مرۆڤایەتی یان کۆمەڵگا ، سیستەمێکی پتەوی پەرەسەندوویان هەیە بە گوێرەی ئەو سیستەمە دەژین ،زۆر دڵسۆزن ، دەتوانن هەڵس و کەوت و گۆرانکاری لەو شتانە بکەن بەلآم ئەگەر کاریگەری لەسەر ئەو بەهایانە نەبێ کە باوەڕی پێیان هەیە ، بەزۆری نوسەری نایاب و باڵآن .دەتوانن ئەگەرەکان لەبەرچاو بگرن ، گرنگی دەدەن بە تێگەیشتن لە خەڵك و یارمەتی دانیان.

7- INTJ ( **زانا**)

سەربەخۆن ، تاکن لە جۆردا ، شیکەرەوەن ، چارەسازە بۆ گرفتەکان ، هێزێکی جیاوازیان هەیە لە گۆرینی بیردۆز و گریمانەکان بۆ راستیەکی رەق و بەرجەستە، رێکخستن و زانست و چوستی لەبەرچاو دەگرێت ، ئامانجەکانی پاڵی پێوەدەنێن ، لە کورتکردنەوەی واتاکان و تێوانینە تایبەتیەکانیان بۆ شتەکان ، توانای بیرکردنەوەی هەیە بۆ ماوەیەکی درێژ ، پێوەری زۆر باڵآیان هەیە لە ئەداکردن و ئەداکردنی ئەوانەی لە دەوروبەریانن ، سروشتی خۆیان سەرکردایەتیە ، بەلآم دوای ئەو شتانەش دەکەون کە متمانەیان پێیان هەیە و پاڵیان پێوە دەنێن.

8- INTP ( **ئەندازیار**)

مەنتقین ، تاکن لە جۆردا ، بیرمەند و داهێنەرن ، زۆر بەجۆشن لە بیرکردنەوە و بیردۆزەکان بەشێوەیەکی تایبەت دەتوانن ئاسانکاری بکەن بۆ چەمکەکان و بیردۆزەکان بۆ شتی سانا و ئاسان . زانست و چوستی و مەنتیق بە شێوەیەکی زۆر لەبەرچاو دەگرن ، لەسەرخۆ و پارێزەرن ، بە قورسی لە شتەکان دەگەن، سەربەخۆن و هیچ ئارەزوویەکیان نیە بۆ سەرکردایەتیکردن و یان ئەوەتا دوای کەسانی تر بکەون.

9- ESTP (**کارا**)

پەیوەندیدارن دەتوانرێت بگۆردرێن ، حەز بە جووڵە و کارکردن دەکەن لە دوای ئەوە دەگەرێن کە ئامانجی دەم و دەست بەدەست بێنن لەو کارەی کە دەیکەن ، بۆ ئەوکاتە دەژین کە تیایدان ، زۆربەی جار هەنگاوی ترسناك لە ژیانیان دەنێن . ریتمی ژیانیان خێرایە ، بێ ئارامن لەگەڵ ڕوونکردنەوە و شیکردنەوە دورو درێژەکان ، زۆر دڵسۆزن بۆ کەسە نزیکەکانیان ، رێزی سیستەم ناگرن ئەگەرهاتوو ڕێگربێ لە گەیشتن بە ئامانجەکانیان ، لە کارامە گشتیەکان زۆر نایاب و بەهرەمەندن.

10- ESTJ (**سەرپەرشتیار**)

کرداری و تقلیدین ، بەزۆری کەسی بیرکاری زانن ، گرنگی نادەن بەو بیردۆز یان گریمانانەی کە تێی ناگەن کە بە شێوەیەکی کرداری جێبەجێی ناکەن.تێروانینێکی ڕوونیان بۆ ئەو ڕێگایە هەیە کە پێویستەکاری لەسەر بکەن ، دڵسۆز و زیرەکن ،حەزدەکەن بکرێن بە بریکار یان بەرپرسیاریەتی وەربگرن، توانایەکی تایبەتیان هەیە لە ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی چالاکییەکان ، دەتوانرێت وەکو هاوڵآتییەکی باش سەیربکرێن کە پێکە ژیانی ئاشتیانە لەبەرچاو دەگرن.

11- ESFP (**کارراپەڕێنەر**)

حەز بەگاڵتەوگەپ لەگەڵ خەڵك دەکەن ، وادەکەن کە خەڵك وا لێدەکەن کە خۆشی ببینن لە ڕێگەی خۆشەویستی بۆ کارەکانیان ، بۆ ئەوکاتە دەژین کە تیایدان ، حەز دەکەن شتی نوێ تاقیبکەنەوە ، رقیان لە بیردۆز و شیکاری کەسایەتیە بە گوێرەی بیردۆزەکان ، حەز بە خزمەتکردنی خەڵك دەکەن. زۆربەی کات هۆشیارن ز گرنگی بە کۆبوونەوە و چالاکیەکان دەدەن ، هەستێکی زۆریان هەیە بە مەنیق و توانا گشتیەکان.

12- ESFJ ( **چاودێریکار**)

دڵیان باشە ، لای هەموو کەس خۆشەویستن ، لە ڕووی ویژدان و هەستەوە هەستیارترن لە کەسانی تر ، حەز دەکەن پێویست و ئارەزووی خەڵکانی تر لە پێش ئارەزوو و پێداویستیەکانی خۆیان دابنێن، هەستێکی زۆر بەهێزیان هەیە لە ڕووی بەرپرسیاریەتی و ئەرکەکانیان ،نەریتەکان و ئارامی لەبەرچاو دەگرن ، حەز بە خزمەتکردنی خەڵکانی تر دەکەن ، پێویستیان بە تێبینی ئەرێنی هەیە تا لە خۆیان رازی بن.

13- ENFP (**خاوەن ئیلهام**)

زۆر بەگرۆتینن ، نموونەیی و داهێنەرن ، دەتوانن بە هەموو شتێك هەڵبستن ئەگەرهاتوو ئەو شتە سەرەنجیان رابکێشێ ، بە توانا گشتیەکانیان دەناسرێنەوە ، پێویستیان بە ژیانە بەو ڕێگایەی کە دەگونجێ لەگەڵ بەها تیبەتیەکانیان ، حەز بە بیرۆکەی نوێ دەکەن ، بەلآم هەست بە بێزاری دەکەن ، لە دووردرێژی ئەو شتانەی کە پابەندن پێیانەوە ، نەرم نیان و عەقڵ کراوەن و توانا و گرنگی تایبەت بە خۆیان هەیە.

14- ENFJ (**بەخشێنەر**)

خۆشەویستن لای خەڵك ، هەستیارن و بەهرە گشتیەکانیان بەباشی ئەنجام دەدەن ، گرنگی بە کەسانی تر دەدەن ، جەخت لەسەر چۆنیەتی بیرکردنەوەی خەڵك و هەست کردنیان دەکەنەوە ، رقیان لە تەنیایی دەبێتەوە ، بە شێوەیەکی مرۆڤایەتی دەڕواننە شتەکان ، ڕقیان لە شیکردنەوەی مرۆڤەکان دەبێتەوە بە پێی بیردۆزەکان . زۆر باشن لە بەڕێوەبردنی ئەو مەسەلانەی کە پەیوەستن بە خەڵك و بەڕێوەبردنی

گفتوگۆکان ، گرنگی بە پێداویستیەکانی خەڵك دەدەن و پێش پێداویستی خۆیانی دادەنێن.

ENTP-15 (داهێنەر )

داهێنەرن ، ئابوورین ، لە بیرکدنەوە خێران ، بەباشی شتەکان و بەهرە و کارەکانیان جێ بەجێ دەکەن، حەز بە گفتوگۆکردن دەربارەی شتەکان دەکەن ، هەوڵ دەدەن کە سەربەخۆ بن لە بۆچوونەکانیان و بەرگری لێدەکەن ، زۆر بەگروتینن بۆ گەیشتن بە بیرۆکە و بیردۆزە نوێیەکان ، بەلاّم لایەنەکانی ژیانی رۆژانەیان پشتگوێ دەخەن، بەشێوەیەکی گشتی قسە دەکەن ، ئەو شتانەی لە بیریاندایە راشکاوانە دەریدەبڕن ، حەز دەکەن لەگەڵ خەڵك دابنیشن و کۆببنەوە ، توانایەکی زۆرباشیان لە تێگەیشتنی بیردۆزەکان و جێبەجێکردنیان بەشێوەیەکی پراکتیکی لە چارەسەرکردنی کێشەکاندا هەیە.

ENTJ-16(سەرکردە)

پتەون ، ڕاشکاون ، بەزۆری سەرکردەن ، توانایەکی زۆریان هەیە لە تێگەیشتن لە شت قورسەکان و کێشەکانی ڕێکخستن و دانانی چارەسەر بۆیان ،زیرەکن و زۆر بەباشی تێدەگەن ، زۆرکات وتار و قسە بۆخەڵك دەکەن ، زانیاری و پسپۆری لەبەرچاو دەگرن ، هەمیشە بێ ئارامن لەگەڵ ناچالاکی و نا ڕێك و پێکی [23].

**الشخصية الطالب و أثرها على العملية التعليم**

**الملخص** :

عملية التدريس عملية ثنائية الاتجاه بين جانبين ، أحدهم مدرس و الأخر طالب ، و كلاهما يكملان العملية . المدرس في إطار غرفة الصف يتعامل مع مجموعة من الطلاب لكل منهم شخصياته الخاصة ، و هم مشحونون بالتعليم الأسرى و الاجتماعي و البيئي المختلف، كل واحد منهم يحتاج إلى معاملة خاصة.

(شخصية الطالب و أثرها في العملية التعليم) عنوان الدراسة مبني على سياق علم النفس اللغوي ، وهو يعتمد على منهج تحليلي وصفي . في هذه الدراسة أخذت و سجلت عمليتان للتدريس كعينة. تهدف الدراسة إلى الإجابة على بعض الأسئلة منها: (ما هو دور و أهمية علم النفس في عملية التدريس؟ هل المعلم ذو خبرة بنفسيةالطلاب في كلتا المحاضرتين أم لا؟ ما هي أنسب طرق التدريس الملائمة و غير الملائمة للتعلم؟

في ختام الدراسة وجدنا أن معرفة نفسية الطالب لها تأثير كبير على التعلم و القدرة على تحديد الطرق و الوسائل المناسبة للتعلم من قبل المعلم . عرضت قائمة المصادر و المراجع و الملاحق في نهاية الدراسة.

**الكلمات الدالة** : الشخصية ، التدريس ، نفسية الطالب ، مغلقة ، مفتوحة.

## Student personality and its impact on the learning process

**Abstract:**

The teaching process is a two-way process between two sides, one of them is a teacher and the other is a student, and both of them complete the process. In the framework of the classroom, the teacher deals with a group of students, each of whom has his own personalities, and they are charged with different family, social and environmental education, each of whom needs special treatment.

(Student personality and its impact on the educational process) The title of the study is based on the context of linguistic psychology, and it is based on an analytical and descriptive approach. In this study two sample teaching processes were taken and recorded. The study aims to answer some questions, including: (What is the role and importance of psychology in the teaching process? Does the teacher have psychological experience for students in both lectures or not? What are the most appropriate and inappropriate teaching methods for learning?

At the conclusion of the study, we found that the knowledge of the student's psychology has a great impact on learning and the ability to determine appropriate methods and means for learning by the teacher. A list of sources, references and annexes is presented at the end of the study.

**Keywords:** personality, teaching, student psychology, closed, open.